ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی ئەمریکا لەنیوان دوو بۆچوونی دژبەیەکدا

محمد عەزیز لۆتەری
شانشینی سعود -ریاز
٢٠٠٧-١-٢٢
rasosy@yahoo.com

ئەم رستەی سەرەوە ناو ونیشانی کتیبیکە لە سەر تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی کۆمەلگای ئەمریکی کە بە پینوسی ئەناتۆل لیڤین نوسراوە , من لیرەدا هەول دەدەم بەکورتی ئەم پەرتوکە بۆ خوینەر بخەمەروو.
لە ژمارە ٤١٩ی ١٣-١-٢٠٠٧ ی رۆژنامەی مراه الجامعە وەرگیردراوە بە کەمیك دەستکاریەوە.

لیڤین لە سەرەتای کتیبەکەی باسی ئەو زیادەرەویە نا ئەقلانیە دەکا کەلە ویژدانی ئەمریکیەکان دا هەیە دەرحەق بە چەمکی نەتەوەیی ئەمریکا ,بۆ زانینی ئەم راستیەش لیڤین پشتی بە چەند سەرژمیریەك بەستوە کە بە زەقی ئەم زیادەرەویەیان لی دەخویندریتەوە ,بۆنمونە باس لەوە دەکا کە زۆرینەی ئەمریکیەکان پییان وایە کە ئەمریکا سالانە ٢٠%ی بودجەکەی وەك هاوکاری دەبەخشی بە ولاتانی جیهان ,ئەمە لە کاتیکدا کە بری ئەو هاوکاریانەی ئەمریکا دەیبەخشی لە ١% ی بودجەکەی تی ناپەری. لە سەرژمیریکی دیکەدا لیڤین دەلی کە لە ٦٤%ی ئەمریکیەکان هەست بەوەدەکەن کە پیویستە شیوازی ژیانی ئەمریکی بپاریزری لە کاریگەری شیوازی ژیانی گەلانی تر . هەروەها ٧٢%ی ئەمریکیەکان شانازی بە بەهاکانی ولاتەکەیانەوە دەکەن ,وە ٧١%ی کۆماریەکان پییان وایە کە ئەوان زۆر نیشتمان پەروەرن ولای دیموکراسیەکانیش ئەم ریژە ٤٨%ی دیموکراسیەکانە . ٥٠%ی گەلی ئەمریکی پیی وایە کە سەرۆك بۆش زۆر چاودیری بۆچوون و بەرژەوەندیەکانی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دەکا ,هەروەها ٦٠% ی ئەمریکیەکان پییان وایە کە فەرهەنگ ورۆشنبیری ئەمریکا بەرزترین نمونەی رۆشنبیریە لە جیهاندا .
لیڤین پیی وایە کە ئەم تی روانینەی ئەمریکەکان بۆ کۆمەلگاکەیان وای کردوە کە لە هەستی نەتەوەیی یاندا لە گەلانی ولاتانی سییەم نزیکتر بن ,ئەم هەستەش کۆمەلگای ئەمریکی دوور دەخاتەوە لە کۆمەلگای ئەورویی کە خاوەن هەست و بۆچونیکی هاوسەنگ تر و رەخنەگرتن بۆ شیوازی سیاسی و رۆشنبیری ولات ونەتەوەکانیان . ئا لیرەدا نوسەر دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە سروشتی پیك هاتەی نەتەوەیی ئەمریکی بەهۆی ئەم بۆ چونانەی کەلەمەوپیش ئاماژەم پی کردن ,ئەوە وای کردوە کە ئیدارەی سەرۆك بۆش دەست بەرەلا بی لە هەل گیر ساندنی شەر لە دژی عیراق . نوسەر پیی وایە کە گەلی ئەمریکی بەشیوەیەکی بەردەوام لە دوو بۆچوونی سەرەکی دژ بەیەك پیك دی , نوسەر بۆچوونی یەکەم ناو زەد دەکا بە (تیۆری ئەمریکی ) و بە بیرۆکە بەرامبەرەکەشی دەلی(تیۆری پیچەوانە ).
نوسەر پیی وایە کە هەردوو تیۆرەکە لە ناو ناخی زۆربەی ئەمریکیەکاندا بلاون ,کە ئەمەش وادەکا کە کی بەرکی بۆ پیناسە کردنی نەتەوەیی ئەمریکا هاوبرکییەکی دریژخایەن بی , چاو پۆشینیش لەم هاوبرکییە بەردەوامە و ئەولایەنانەی ئەم هاوبرکییەیان دروست کردوە دەبیتە هۆی ئەوەی کە رەوتی

نەتەوەیی ئەمریکی بگاتە بن بەست وریگەیەکی داخراوو زیان بە پایەی ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی بگەیەنی. تیۆری ئەمریکی: نوسەر بە لایەنە ئیجابیە پیك هینەرەکانی ژیانی مەدەنی لە کۆمەلگەی ئەمریکی دا دەلی تیۆری ئەمریکی ,کە بیروباوەری مەدەنی ئەمریکیشی پی دەگوتری .
ئەم بۆچوونە پیی وایە کە ئەمریکا وەك ولاتیکی کراوە بەرووی کۆمەلگاکانی تردا ,بە ئاقلانە وبەپیی بنەماکانی ئازادی و پابەندی بە دەستوور و لە قالبیکی دیموکراسیدا مامەلەیان لە گەل دەکا و بۆچونی ئیمپریازمیانە ووسەرکوت کەرانە رەت دەکاتەوەو بانگەشەی گەیشتنی گەلان دەکا بە مافەکانیان لە دیاری کردنی چارەنوسیاندا . بەلام نوسەر دەلی ئەوەی ئەم بۆچونەی لەکەدار کردوە ئەوەیە کە ئەمریکیەکان ئەوندە بەم بۆچوونە پابەندن بەشیوەیەك کە ئاراستە کردنی هەر رەخنەیەك بۆ ئەم بۆ چوونە رەت دەکەنەوە ,تەنانەت کە ئەو رەخنەیە لەناو خودی ئەمریکاو لەناوەندی بریار بەدەستیشەوە بی ,هەروەها ئەم بۆچوونە وای کردوە کە هاولاتی ئەمریکی هەمیشە بە شیوەیەکی نمونەیی و سروشت پاك وبی تاوان وبەفری بی پەلە خۆی و ولاتەکەی ببینی ,کە هەمیشە خیری دەوی بۆ گشت جیهان ,هەربۆیەش خوا هەلی بژاردوە بۆ سەرکردایەتی هەموو جیهان بۆ گەیاندنی کۆمەلگەی مرۆڤایەتی بە خۆشگوزەرانی . ئەوەی کە پشتگیری زیاتری ئەم بۆ چونە ناواقیعیەش دەکا بۆیە کردنی ئەم بۆچونەیە بە بۆیەکی مەسیحی و بەرادەیەکی زۆر لە گشتگیر کردن -تعمیم- و بروابوون بە بنەمای رەها و بی سنور وگری دانی ئەم رەهایییە بە ولاتی ئەمریکا بەبی تیگەیشتن لیی و هاتنەوەی لەگەل ژیانی واقعیدا .
ناوەندی بریارو کاربەدەستانی ولاتی ئەمریکاش ئەم بۆچونەیەیان لە هەست ونەستی ئەمریکیەکان قولتر کردۆتەوە لە چوارچیوەی بەرنامەکانی خویندن لە ئەمریکا ,ئەمەش بە هۆی پیویست بوونی ناوەندی بریار بە هەندی ئەفسانەی نشتمانی ونەتەوەیی کە ببیتە هۆی ئەوەی کە ئەمریکیەکان لە دەورەی کۆببنەوەو بنەچەو رەگەزو مەزەبە کۆنە کانیان لەبیر بکەن . کۆی ئەم کارکەرانە -عوامل- بۆتە هۆی تیگەیشتنیکی سەرپیی و وگشتی لای هاولاتی ئەمریکی بۆ میژووی ولاتەکەی و چر کردنەوەی خویندنەوەیەکی خەیالی ونمونەیی-میسالی- لەم میژووە و پشت گوی خستنی لایەنە سەلبیەکانی ئەم میژووە ,بەتایبەت بە بی بەها زانینی شارەزایی کەمایەتی یە ئەفریقی و هندیە سورەکان ,کە ئەمەش پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە هەیە.
دەتوانری ئەوەش پال بدریتە گەل ئەو پالنەرانەی کە باس کران کە ئەمریکیەکان بروایەکی زۆر پتەویان بەوە هەیە کە ولاتەکەیان خاوەنی پەیامیکی پیرۆزە و سەرکردەو پیشەنگیکی بی وینەو رزگار ی خوازە ونمونەیەیەکی شارستانی نمونەییە کە پیویستە لەسەر گەلانی دنیا چاوی لی بکەن وشوین پیی هەل گرن. ئالیرەدا نوسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە راستە ئەم بیروباوەرە نمونەیی و خیرخوازانەیە ,بەلام بوچون گەلیکی سەرپیی یەو رەخنە لی گرتن رەت دەکاتەوە و ئەوەشی قبول نیە کە جیگرو بەدیلی تری هەبن ,کە هەر ئەمەشە بۆتە هۆی نەبوونی جەدەلیکی راستەقینە لە ئەمریکا لەمەر کیشە کانی سیاسەتی دەرەوە و بۆتە هۆی لاوازی توانای ئەمریکیەکان لە تیگەیشتن لە کاروباری جیهان ومیژوەکەی ,چونکە ئەمریکیەکان کە پییان وایە کە ولاتەکەیان باشترین وپیشکەوتوترین نمونەی شارستانیە لە جیهاندا ,لەبەر ئەوە هەرگیز هەست بەوە ناکەن کە ئەوان پیویستیان بە تیگەیشتن لە میژوو و و شارەزایی وراوبۆچوونی گەلانی تری دنیا هەبی. تیۆری ئەمریکی پیچەوانە: لە چوارچیوەی ئەم تیۆریەدا سروشتی نەتەوەیی ئەمریکیەکان ئالۆزتر دەبی ,چونکە لەم رووەی دووەمی بیری ئەمریکیدا جەخت لە سەر لایەنی سەلبی زیاتر دەکری ,کە پریەتی لە ترس ودلەراوکی لەبەرامبەر ئەوی تردا ,ئەم هەستەش لە و شارەزاییيە میژوویە سەلبیەی هەندیك چین وتویژی گەورەو خاوەن دەسەلاتانی ئەمریکی سەرچاوەی گرتوە .
نوسەر چوار ر کۆمەلی سەرەکی دیاری دەکا کە بریتین لە :دانشتوانی ئەمریکی سپی پیستی بەرەگەز ئەنجلۆساکسۆنی ,سپی پیستەکانی نیشتەجی لە باشوری ئەمریکا,کۆمە پرۆتستانتیە ئوصولیەکان,لوبی

جولەکەی هاوکاری دەولەتی ئیسرائیل. نوسەر پیی وایە کە هەریەك لەم چوار کۆمەلە لەبەر ئەوەی رابردوویەکی رەشیان لە میژووی ئەمریکاو جیهاندا هەیە کە تیپەر بوونی رۆژگار نەی سریوەتەوە وبەم هۆیەوە هەمیشە هەست بە ئازارو دل تەنگی دەکەن .
دانیشتوە سپی پیستەکان کە بەدریژایی میژووی ئەمریکا توشی زۆر ئاستەنگ هاتوون وهەمیشە لە رکابەری یەکتر دابوون لە نیوان خۆیاندا وئەزمونیشیان لە گەل هەریەك لەگەل کۆیلە رەش پیستەکان وهندەسورەکان لەلایەك و چاوبرسیتی رژیمی سەرمایەداری وبوونی رکابەری رەوتە ئاینیەکانیش ئاگری ئەو کی بەرکی‌یەی خۆشتر کردوەو وای کردوە کە تویژی ناوەراستی ئەمریکی هەست بە ناسۆری میژووی بکا وهەمیشە لە دلە راوکی دابی و هەردەم چاو ببریتە هۆکارەکانی خۆ سەپاندن و مل کەچ نەکا بۆ هیچ هیزیك , ئەم هەستە زیاتر لە باشور چر دەبیتەوە کە بنکەی سەرەکی کۆیلایەتی بوو لە ئەمریکا و لە ئاکامدا توشی نوشوستیەکی خراپ بوو بەرامبەر بە هیزەکانی باکوری ئەمریکا وپینج یەکی پیاوەکانی لە شەری ناوخۆی ئەمریکادا بوونە قوربانی .
لەم سەردەمەش دا باکوریەکان لە باشوریەکان کراوەترن بەرامبەر شارستانی گەلانی تر . بەلام فەرهەنگی باشوریەکان بەوە جیا دەکریتەوە کە کاریگەری لەسەر رەوتی ئیستای نەتەوایەتی ئەمریکی ئەوەیە کە بۆتە هۆی جۆریك لە ترس ودل رەقی بەرامبەر ئەوتی تر و و بەهەند نەگرتنی تویژی زەنگین ورۆشنبیرەکان و وچەوساندنەوەی کەمایەتیەکان و وهەست کردن بە رەگەز پەسندی و خۆپەرستی , هەروەها باشوریەکان لەناخیاندا هەستیکی شاراوە هەیە کە هەست بە تاوانباری دەکەن لەبەرامبەر ئەو ستەمەی کە لە ئەفریقیەکانیان کردوە , هەروەها باشوری ئەمریکا بنکەی هەموو ئەو بزاڤ ورەوتە ئصولیە ئاینیانەیە کە لە لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لە ئەمریکا پەرەیان سەندووەو و ئیستا بوونەتە هیزیکی سیاسی ئەوتۆ کە نکولیان لی ناکری .
پابەند بوون بە ئاینی مەسیحی لە پیکهاتەی نەتەوایەتی ئەمریکادا بۆتە هۆی چەسپاندنی جۆریك لە پتەوی نەریت و بیرو باوەرەکان و دژایەتی بۆچوونە ئەقلانیەکان ,وەئەو هەستەی لای ئەمریکیەکان بەهیز تر کردوە کە ئەوان گەلیکی خاوەن پەیامن کە ئەو پەیامە هەمیشە پشتگیری خیرخوازان دەکا.
کۆمەلی چوارەم کە بریتین لە و رەگەزانەی کە هەمیشە لایەنی سەلبی میژوو وبیرەوەریەکانیان دەخویننەوە کە لە سەروی ئەمانەش لوبی جولە کەیە لە ئەمریکا,ئەو خۆ بە بی بەش زانینەی کە هەمیشە جولەکە لە میژوو دا هەستی پی دەکەن پالی ناون بۆ قورغ کردن و گەورە کردنی هەندیك لە خراپترین پیك هینەرەکانی تییۆری ئەمریکی پیچەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ,ئەمەش بە گۆش کردنی هاولاتی ئەمریکی بەوەی کە عەرەبە فەلەستینیەکانی ئەمرۆ وەکو هندە سورەکانی ئەمریکا وان وگەلیکن شایانی هیچ مافیك نین و دەبی لە ریشەوە هەل بکیشرین وبۆ ئەم بۆ چوونەش ئاینیان بەکار هیناوە تا ئەم ریشە کیش کردنە مۆرکیکی پیرۆزی ئاینی وەرگری و ئەو هەست کردنی ئەمریکیەکانیان بە نەهامەتیەکانی گەلی ئیسرائیل لە میژوودا قورغ کردوە بۆ داپۆشینی کردە نایاساییەکانیان و هاولاتی ئەمریکا لەسەر ئەوە گۆش کراوە کە بە هیچ شیوەیەك پەیوەندی ئیسرائیل و ئەمریکا قابیلی پاشگەز بوونەوەو چاو پیداخشاندنەوە نیە . هەربۆیەش نوسەر پی‌ی وایە کە لوبی ئیسرائیل زیانی هەیە بۆ ئەمریکا لە بەر دوو هۆ: زیان لە پەیوەندیەکانی ئەمریکا دەدا لەگەل جیهانی ئیسلامی ,هەروەها زیانی هەیە بۆ سەر پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەل ئەوروپاش کە خەریکە لەو پەیوەندیە بی قەیدو شەرتەی ئەمریکا بە ئیسرائیل دەپیچیتەوەو جیگای تیرامانیانە. هۆی دووەمیش ئەوەیە کە لوبی جولەکە زەرەر دەگەیەنیتە فەرهەنگی سیاسی ئەمریکی و نەتەوەی ئەمریکا بە گەورەکردنی هەندی نەریت و بۆچوونی سەلبی لای گەلی ئەمریکی.
نوسەر کە دیتە سەر خویندنەوەی داهاتوو لە چوارچیوەی ئەم شیکردنەوەی رابردوو وئیستای ئەمریکا ,رەشبینە ,چونکە پی‌ی وایە کە ئەو کارکارو پالنەرانەی کە وایان کردبوو لەرابردوو دا تیۆری مەدەنیەتی ئەمریکی زال بی بەسەر هاوبرکی پیچەوانەکەی دا وردە وردە لاواز بوون ,لە رابردوودا رەگ

داکوتانی بەها دیموکراسی ومەدەنیەکان لەناو کۆمەلگەی ئەمریکی و و توش نەبوونی ئەمریکا بەهیچ نشوستیکی سەربازی لەسەر خاکی خۆی وەك ئەوەی ئەورووپیەکان لە شەری جیهانی یەکەم ودووەم توشی هاتن , وەبەهیزی ئابووری ئەمریکا ,هەمووئەمانە هۆکاری زال بوونی لاینی مەدەنی ودیموکراسی بوون لە ئەمریکا بەسەر لایەنە رادیکالیە کە ,بەلام ئەم کار کەرانە هەموویان پاشەکشەیان کردوە ,بەتایبەت لە قۆناغی سەرۆك بۆش دا کە لایەنەسەلبیەکانی نەتەوەیی زۆر بەکار هینا بۆ رەواج دان بە سیاسەتەکانی. هەروە ها کارەساتی سیپتمبەریش وای کرد کە دیاردەی فرە رەگەزی لە ئەمریکا هاوسەنگی خۆی لە دەست بدا ,وە ئەو سیاسەتەی ئەمرۆئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراست پیادەی دەکا بۆی هەیە ببیتە هۆی قول کردنەوەی خراپ بوونی پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەل گشت جیهاندا و ببیتە هۆی لە دەست دانی ئاسایشی ئابوری و جڤاکی لەناو تویژی ناوەراستدا,وەهەموو ئەم پالنەرانەش هاولاتی ئەمریکی و رەوتی نەتەوەیی لە ئەمریکا پال دەدەن بەرەو ئاراستەیەکی زیاتر رادیکالی و توندرەو , جالەبەر ئەم هۆیانە –نوسەر دەلی- بوونی بیریکی نویی نەتەوەیی زۆر زەرورە بۆ داهاتووی ئەمریکا کە جەخت بکاتە سەر لایەنە ئیجابیەکان لە بیرو باوەری ئەمریکی دا.